# کەسایەتیی هونەرمەندی گۆرانی واچ چییە؟


**دارا محەمەد عوسمان هەورامی**

**(سلێمانی)**


**( ١- ٢)**

سروشتی هونەرمەندی گۆرانی واچ – تا هونەر و ئاواز و گۆرانی پێشکەوێت، زیاتر پێویستی بەوە هەیە کە کەسایەتی خۆی لە بوارە جیاجیاکانی هونەردا بپارێزێت و پەرەی پێ بدات، هەروەها دەبێت هونەرمەند خۆی بە کەسێکی ئاسایی لە قەڵەم بدات و لە دەمارگرژی و خۆبەزلزانین دووربکەوێتەوە، چونکە پەیامی هونەر ئەوەیە کە دەبێ هونەرمەند ئاوێنە و سروشتی جیهان و دەوروبەرەکەی بێ.

«ئەوەتا (ئولپۆرت)، دوورتر لەوە دەڕوانێت، کە بوونەوەرە مرۆییەکان هەمیشە لە دۆخی دروست بوون و پێکهاتندان و مەبەستی لەوەیە، کە هەموو کەسێک دەتوانێت شێوازێکی گونجاوی بۆ وێنا بکات و جێبەجێشی بکات. پاڵنەری سەرەکی پێکهێنان و گەشەکردن بۆ یەکبوونی کەسایەتی و بۆ گەڕان بەدوای واتا بۆ ژیان.» (١) کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ ل٢٧٤.

کەواتە؛ مرۆڤی هونەرمەند هەمیشە و بەردەوام بەدوای شتی جوان و زەریف و پوختدا دەگەڕێ، بۆیە هونەرمەند دەبێت بزانێت چۆن مامەڵە و شێوازی گونجاو لە بوارەکەی خۆیدا بگونجێنێت و هەمیشە خۆی ئامادە بکات، چون خەڵک، یان کەسانی شارەزا ڕەخنەی لێ دەگرن؟

بۆیە کەسایەتی هونەرمەند هەتا هێمن و لەسەرخۆ بێت، ئەوەندە زیاتر ئەو بەرهەمەی پێشکەشی دەکات، پتر گەشە دەکات. دوورکەوتنەوە لە دەمارگرژی و خۆبەزلزانین گرنگە، وابزانێت هەر ئەو بەرهەمی هەیە، کەسانی دیکە بەرهەمیان نییە، مرۆڤی هونەرمەند دەبێت کەسێکی خاکی بێت و لەخۆبایی نەبێت، دەبێت هەمیشە هەوڵ بدات جەماوەری زۆرتر بێت و سەرنجی کۆمەڵ بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، چونکە گەل و کۆمەڵ بڕیار لەسەر بەرهەمی چاک، یان خراپ دەدەن و بەرهەمی هەر هونەرمەندێک تەتەڵە دەکەن.

بۆیە پێویستە هونەرمەند لەو شتە نالەبارانە دووربکەوێتەوە کە بەرەو هەڵدێری دەبەن و دەبێت ئاگای لە قۆناغەکانی گەشەی هونەری دەوروبەری بێت.

هونەرمەند دەبێت بزانێت هونەری جیهان لە چ ئاستێکدایە؟ لەو بوارەشدا بەگوێرەی ئەو گەشەیە ئاڵوگۆڕ و مامەڵە بکات.

(مازلـۆ) دەڵێـت: «موزیکـژەن دەبێـت موزیکـی خـۆی بژەنێـت و وێنەکێش پێویستـە وێنـەی خـۆی بکێشـێت، شـاعیر پێویسـتە شـیعر بڵێـت، ئەگـەر بیەوێـت لـە کۆتاییـدا بەئاشـتی لەگـەڵ خـودی خـۆی بژیـت.» (٢) سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢١٣.

بۆچوونەکەی (مازلۆ) ڕاستیودروستی بوارە هونەرییەکان دیـاری دەکـەن، هەروەهـا سـازدانی هەریەکـە لـەو بـوارە هونەرییانـە، یـان ئـەو فەرهەنگـە فراوانـە، بایەخدانـە بـە سـەروەری ئـەو بەرهەمانـە، چونکـە تێکەڵکردنـی بەرهەمـە هونەرییـەکان، خزمەتـی ئـەو بوارانـە نـاکات، بۆیـە ڕێزگرتـن لـەو بەرهەمـە هونەرییانـە ڕێزگرتنـە لـە سـەروەری هونـەر و هونەرمەنـدان و ئـەو هونـەرە مـەزن دەکات.

ئـەو کارە هونەرییانـەی ناومـان هێنـان، هـەر یەکەیـان خەسـڵەتێکی خـودی خـۆی هەیـە، بـۆ نموونـە گۆرانـی واچ ئـەو گۆرانییانـە بچـڕێ، کـە لەگـەڵ (سـتایلی) خـۆی دەگونجێن و دەبێـت بزانێـت کام سـتایل لەگـەڵ (چڕیـن- ئـەدا) و دەنگـی خـۆی دەگونجێـت؟، بۆیـە پێویسـتە (مازلـۆ) وتەنـی هەریەکـە لـە پسـپۆڕی خۆیـدا کاربـکات، دڵنیابـێ سـەرکەوتن بـە دەسـت دەهێنێـت، ئەوجـا ئیشـەکەی بـگات، هەروەهـا دەبێـت لەگـەڵ کەسـایەتی خۆیـدا ئـەو کارە بـە ئەرێنـی بگونجێـت، بـۆ ئـەوە چەنـدان مـەرج هـەن، بـەڵام کامەیـان لـە هەموویـان باشـتر و گرنگتـر و سـەرکەوتووترە؟ ئەوەیـان بـکات بـە بەرنامـە و و پەیـڕەو، بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ بارودۆخـی خۆیدا بیانسـازێنێ، بگاتـە ئـەو مەبەسـتەی کە خـۆی تێدا وێنا دەکات و بیـر و هـزری خـۆی دەدۆزێتـەوە.

هونەرمەنـد دەبێـت لەنـاو ئـەو کۆمەڵگەیـەی لەناویـدا دەژیت، کارێکـی بـاش و سـەرکەوتوو بـکات و خۆشـیان بوێـت، هەروەهـا دەبێـت خـۆی بـە گەورەتـر و لـووت بـەرز نەزانێـت و توانایـی خـۆی لـە کارە هونەرییەکەیـدا دەرخـات.

دەبێـت ئەوەنـدە شـارەزایی هەبێـت، کـە زۆر سـەرکەوتوو بێـت و کام ڕێچکـە لەگـەڵ بوارەکەیـدا دەگونجێـت، ئـەو کارە بگرێتەبـەر. هونەرمەنـدی لێهاتـوو ئـەو کەسـە بەئەمەکەیـە، کـە بـە خاڵـە لاوازەکانـی خۆیـدا دەچێتـەوە، لـە چ خاڵێکـدا لاوازە، لەنگەرسـازی بـۆ خاڵـە لاوازەکانـی بـکات و بەشـێوازێکی سـەردەمیانە کـەم و کورتییەکانـی چارەسـەر بـکات و هەلومەرجـی ڕاسـتەقینەیان بـۆ فەراهـەم بـکات.

هـەروەک گوتمـان، هونـەر پەیامـی خـۆی هەیـە، کەواتـە هونـەر ئاوێنـەی کەسـایەتیی هونەرمەنـد نیشـان دەدات و ئاراسـتەکەی دیـاری دەکات، بـە ڕێـگای ڕاستودروسـت کەسـایەتی خـۆی لـە واقیعـی میللەتەکەیـدا دەدۆزێتـەوە، بـە ئاراسـتەیەکی ڕەنگیـن و جـوان خـۆی ڕێـک دەخـات، نـەک بـە لار و لەوێـری، کـە تیشـکی ئاوێنەکـە ئاراسـتەکانی بەرتەسـک دەکاتـەوە، کـە ئـەوەش سـەرکەوتوویی هونەرمەنـد بـەرەو ئاراسـتەیەکی لاواز نیشـان دەدات.

«مازلـۆ پەیامێکـی بەهێـزی ئاراسـتەکردووین، بـۆ ئـەوەی بەلانـی کەمەوە دەروونزانـی ببێت بە دەروونزانیی مرۆڤایەتـی، دەبێـت ئـەو زانسـتە پێوەندییەکـی بەهێـزی بـە مرۆڤـی ئـەو سـەردەمەوە هەبێـت. (مازلـۆ) بـە بۆچوونـی خـۆی سـەلماندی مانـەوەی کولتـووری مرۆیـی بـە تواناییەکانمانـەوە بەنـدە، لەپێنـاوی تێگەیشـتن لـە خۆمـان و تێگەیشـتنی هـەر یەکێکمـان لەوانـی تـر...» (٣) سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣٤٥.

هونەرمەنـدی گۆرانـی واچ دەبێـت بتوانـێ ئـەو ئاوازگەلـەی کـە لەنـاو ژینگـەی خۆیـدا هەڵقـوڵاوە، پەنـای بـۆ ببـات، نـەک بۆ شـوێنێکی تر، کە شـارەزای نەبێـت، هەروەهـا وەها پێویسـت دەکات کـە کولتووری خـۆی بنیـاد بنێـت و پـەرەی پـێ بـدات، توانایـی هەبێت و بتوانێت هونەرەکـە (ئەدا) بـکات، نـەک بـە هەڕەمەکـی کاری لەسـەر بـکات. ئـەو هونەرمەندانـەی زیاتـر بـە ئاوازگەلـی دەڤەرەکـەی خۆیانـەوە

پەیوەستن، ئەوانە زیاتر سەرکەوتوو دەبن، نەک هونەری ئەم لاو ئەو لا، بەڵام کە توانایی (ئەدا) کردنیان نەبێت و نەتوانن بەسەریدا زاڵ ببن، دەستی بۆ نەبەن. هونەرمەندانی هەورامان ئاواز و گۆرانی خۆیان بڵێن باشترە، تا هونەر و ئاوازگەلی بێگانە، کە لەوانەیە لێی تێنەگەن، هەرچەندە ئێستا لە وڵاتەکەماندا ئەو هونەرە بیانییە باوی هەیە، کە هونەر و ئاوازگەلی ناجۆر پێشکەش دەکەن، ئەوەش زیانی زۆر خراپی لێ دەکەوێتەوە، بۆیە ئەوانە لە ڕوانگەی باری دەروونی و کەسایەتییەوە سەرکەوتن بەدی ناهێنن. بە ئاوڕدانەوە لە کولتووری خودی خۆیان، هونەرمەندان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و کەسایەتی خۆشیان لە کایەی هونەری کوردیدا، زۆر بە باشی دەدۆزنەوە، لە هەمان کاتدا بواری هونەریش زیاتر بەرهەمدار دەبێت.

هونەرمەندان ئاوێنەی واقیعی گەلن، ئەگەر بەڕاستی ئەو هونەرمەندانە خۆیان بناسن، بۆیە بۆ هونەرمەندان کەسایەتیی جوان زۆر پێویستە، دەبێت کردەوەکانیان ڕەنگدانەوەی لەسەر میللەتەکەی خۆیان هەبێت.

(کیلی) دەڵێت: «مرۆڤ تەماشای جیهانی خۆی دەکات، لە ڕێگەی ئەو جۆرە دیاردانەی کە خۆی دروستیان دەکات، دوایی هەوڵ دەدات لەگەڵ ئەو واقیعە بیانگونجێنێت کە جیهانی لێ دروست دەبێت.» (٤) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣.

بۆ ئەوەی هونەرمەند بتوانێت ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێ، پێویستە بیرۆکەی زۆر سەرنجڕاکێش بە جەماوەرەکەی پێشکەش بکات، ئەوەش زۆر گرنگە لە واقیعیەتی میللەتەکەی خۆی دەرنەچێت. فەرهەنگ و ئەدەبیاتی بێگانە شیاوی ئەوە نییە بکرێتە مایە و ئیلهامبەخشی خۆی. دیارە هونەرمەندان چون یەک تەماشای بەهای هونەرییەکان ناکەن، هەریەکەیان بیرو بۆچوونی جیاوازیان هەیە، بۆیە پێویست دەکات، هونەرمەندان کارە هونەرییەکانیان لە ڕوانگەی خۆیانەوە، بەرهەم بهێنن، بۆ ئەوەی لە (ئەدا)کردنی کارە هونەرەکەیان سەرکەوتن بەدەست بهێنن. بۆ نموونە ئەگەر هونەرمەندێکی گۆرانی واچ ترسی هەبێت لە بوارە هونەرییەکەی سەرکەوتوو نابێت، ئەوە دەبێت هەوڵ بدات هونەرەکەی بەگوێرەی ئاست و توانایی خۆی بێت، ئەو کاتە ترس و دڵەڕاوکێی نامێنێت و کارەکەشی باش و سەرکەوتوو دەبێت.

گۆرانی واچ کەی سەرکەوتوو دەبن؟ ئایا دەبێت هەر لە ڕوانگەی خۆیانەوە هونەرەکەیان پێشکەش بکەن؟ یان بە ڕاوێژ و پرس و ڕای هونەرمەندانی تری هاوڕێیانەوە بێت؟ بێگومان دەبێت هونەرمەندان دەوروبەرەکەی خۆیان بخوێننەوە و زیاتر ڕاوێژ بە هونەرمەندانی شارەزا و لێهاتوو بکەن، بە پرسیار لە کەسانی لەخۆیان زاناتر کارەکانیان ئامادە بکەن، هەروەها نابێت بڵێن ئێمە لە هەمووان شارەزاترین. دیارە ڕاوێژ بۆ خودی هونەرمەندان زۆر گرنگە، نەک تەنیا ڕای خۆیان پەسەند بکەن. دیارە هونەرمەندان بۆچوونی جیاوازیان هەیە، کەواتە (ستایلی) هەر هونەرمەندێک لە هونەرمەندێکی دی جیاوازترە، هەروەها ئەو هونەرمەندە گۆرانی واچە، کە جارێک ئاواز دەچڕێت، بۆ جاری دووەم جیاوازییەک لە ئاوازەکەیدا بەدی دەکرێت، بۆیە پێویستە لە کاتی گۆرانی چڕیندا، دەبێت ئاگای لە بەها هونەرییەکانی خۆی بێت، بۆ ئەوەی (ستایلی) خۆی ون نەکات، پارێزگاری لە کەسایەتیی خۆشی بکات، نابێت لە کاتی چڕینی گۆرانیدا، جەماوەر بشڵەژێنێت، بەتایبەتی لەکاتی گۆرانی چەپڵەدا، لەو ساتەدا هونەرمەند نازانێت گوێ بۆ مۆزیک ڕابگرێت، یان گوێ بۆ چەپڵەی جەماوەر، بۆیە ڕیتمی ئاوازەکە پەرتەوازە دەبێت.

« (کیلی) پێی وایە لە ژیانی هەر تاکێک، کە هیچ ڕووداوێک، یان ئەزموونێک بەشێوەی جاری پێشوو، دووبارە نابێتەوە، ئەگەر ئەو ڕووداوەش دووبارە بێتەوە، ئەوە ئەزموونەکە لە جاری دووەمدا تەواو وەک خۆی نییە.

ئەگەر گوێت لە هەمان تۆمار گرت کە دوێنێ گوێت لێ گرتبوو، ئەو ئەزموونەی دەستەبەری دەکەیت، لە ئەنجامی ئەو گوێ گرتنەوە لە جاری دووەمدا تەواو وەک خۆی نییە و جیاوازە، لەوانەیە میزاجت وەک خۆی نەبێت و لەو ڕۆژەدا ڕووبەرووی چەندان ئەزموونی جیاواز بووبێتییەوە، یان لەوانەیە بە چەند شێوەیەکی جیاواز کارت تێبکەن.» (٥) سەرچاوەی پێشوو ل٣٣٦.

هونەرمەند دەبێت لە کەشوهەوایەکی کراوەدا، ئەزموونەکانی خۆی پێشکەش بکات، بارودۆخ و میزاجی تەواو بێت، کاریگەری دەوروبەر و ئەم لا و ئەو لای لەسەر نەبێت، ئاگای لە خودی خۆی بێت. بۆ ئەوەی ئەو بەرهەمە هونەرییەی بەرهەمی دەهێنێت کاڵوکرچ نەبێت، هەندێک تایبەتمەندی هەن دەبێت هەموو هونەرمەندان ڕەچاوی بکەن. هەموو هونەرمەندان لە (ئەدا)ی هونەردا، خەسڵەتی گشتییان هەیە، کە لە ئاستێکی هاوبەشدا، لە ئاوازەکانیاندا هەیانە. لە چڕینی ئاوازەکاندا هونەرمەندان، لە سەدا و دەنگ و ڕەنگدا چون یەک نین، بەڵام لە هەمان کاتدا خاڵی هاوبەش لەنێوانیان هەیە، بەڵام چۆنیەتی دەنگەکان لە هونەرمەندێکەوە بۆ هونەرمەندێکی تر، (ستایلیان) بۆ هەمان بەرهەم جیاوازی هەیە.

هونەرمەندی ئاوازچڕ، دەبێت گۆڕانکاری لە ئاوازەکانیدا بکات، بەڵام بناغەی ئاوازەکە، بەشێوەیەکی سەرەکی بەڕوونی بهێڵێتەوە. داهێنانی نوێش لە ئاوازەکەدا هەبێت، بۆ نموونە هونەرمەندی گۆرانی واچ، دەبێت زۆر بە ئاگاییەوە، لە گۆڕانکاری موزیک بزانێت. هەروەها لە (قەرار و جواب)دا، زۆر شارەزایی هەبێت، چونکە موزیک لە یاسای خۆی لانادات، بیستنی موزیک بۆ گۆرانی واچ زۆر گرنگە.

هەروەها دەبێت شیعر و ئاوازەکە لە (ئەدا) کردنیان لەسەر یەک (ڕیتم) بێت. بۆ نموونە گۆرانی (گوڵەکەم)، کە خۆم (ئەدا)م کردووە، ئەم شیعرەم لە ساڵی (١٩٨٧) لە ئاوایی (ڕۆستەم بەگ) داناوە، وەک چۆن بناغەی هونەر هەمووی یەکە، لەو شیعرەدا باسی یەکگرتنی نەتەوەکەم کردووە، ئاوازەکە هەر سێ بابەتەکە لە تای تەرازوودا چون یەکە، بەم شێوەیە:

**١- گوڵەکەم نەخشانم باوانی باوانم**
**بارگەکەت بار کەرد، یانەی وێرانم**
**٢- ئا گردوو (ولا) گەر یۆ نەگیرا**
**جە هەر چوار لایێ دەستگیری کریا**
**٣- کەراشا باقە ورەشاشا بە زەڕ**
**هەر یۆ جە یاگیو بێ بەش بۆ بێ فەڕ**
**٤- ئیتر باخەوان گەر باخەوانا**
**مشۆ ویرش بۆ جە مێژوو یانا**
**٥- سەرنەوەی دیسان نەمامێ بنیۆ**
**جەگرد سەرکوێ ئارایش شنیۆ**
**٦- ئەپی بەزمە درەخت رزگارشا**
**گرد و تەپۆڵکە شادی و سەیرانشا**
**٧- تۆخەی کەرو زامم شارێشا**
**هەریاگێ ملو، مەواچا چێشا (٦)**
دەسخەت، ل١٧.

ئەم گۆرانییەم بۆ (tv)ی کەرکووک تۆمار کراوە، ئەو کاتە ڕژێمی (بەعس) زۆر بەخراپی مامەڵەی لەگەڵ هونەرمەنداندا دەکرد و هەوڵی ئەوەی دەدا کەسایەتییان بڕووخێنێ، ئەگەر هونەرمەندێک ئاوازێکی بچڕیایە، لەلایەن دامودەزگا

داپڵۆسێنەرەکانی (ئەمن)ـەوە چەندان جار بانگ دەکرا و لێپرسینەوەیان لەگەڵدا دەکرد.

نەک هونەرمەندان، بگرە خەڵکیش ئازاد نەبوون، چونکە سانسۆر لەسەر هونەر و لە هەمان کاتدا لەسەر کەسایەتیی هونەرمەندەکەش هەبوو، ئەگەر شیعری ئاوازی گۆرانییەک بۆنی نیشتمانی لێ هاتبایە، ئەوە بەبێ سێ و دوو ڕەوانەی زیندانەکانیان دەکرد، بۆیە ئازادی تاک نەبوو، نەک ئازادی کۆمەڵگە. گرنگە هونەرمەندان لە هەموو ئان و ساتێکدا ڕای ئازادی خۆییان هەبێت و بتوانن ڕای خۆیان دەرببڕن.

کاتێک مرۆڤ ئەم سەرزەمینەی ئاوەدان کردووەتەوە، بۆ یەکەم جار سەربەستانە ئاوازی چڕییەوە، نەک بەزۆر و زەبروزەنگ، چونکە هەر بەرهەمێکی هونەری و هەر گۆرانییەک، ئەگەر ئازادانە نەیەتە بەرهەم، ئەوە ئەو بەرهەمە سەرکەوتوو نابێت.

(کیلی) «بۆ پێکهاتە جێگیرەکان، ئاماژە بەوە دەدات کە ئێمە ئازادین، بۆ ئەوەی بەدواداچوون بۆ پێکهاتەکانمان بکەین، یان بیانگۆڕین، لەگەڵ ئەوەشدا، کاتێک دەبینین ئەو پێکهاتانە دەگۆڕین، دەبێت ئەو گۆڕانە ساغ و دروست بێت و بەپێی ڕاستییەکانی ئەزموونەکە بێت.» (٧) کەسایەتی و سروشتی مرۆڤ، ل٣٣٥.

ئەوەتا بیردۆزەکەی (کیلی)یش ڕاستیودروستی پێکهاتەکان دیاری دەکات، ئەو شتانەش کە بەکەڵک نایەن لەناو کۆمەڵ جێگەیان نابێتەوە، هەر بۆیە دەبێت هەموو کەرەستەکانی ئاوازەکان وەک زنجیرێک تەواوکەری یەکتری بن، هەروەها دەبێ شێوازی کاری هونەری ئامانجەکەی ڕوون و ئاشکرا بێت و شتی شاراوەی تێدا نەبێت، دەبێت هەموو کەرەستەکان واقیعی بن، نابێت کەرەستەکانی ئاوازەکە، وەک شیعر واتای تەواو نەبێت، نابێت موزیکی ئاوازێک بژەنی و گۆرانی واچ شتی جیاواز بڵێت، کەواتە هەموو کەرەستەکانی بەرهەمەکە، بۆیە دەبێ هونەرەکە یەک لەدوای یەک تەواوکەری یەکتری بن و سەقامگیرییان پێوە پەیوەست بێت.

لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە دەبێ کەسایەتیی هونەرمەند، هێمن و ئارام و لەسەرخۆ بێت، دەبێت ئاوازەکە وەسفی وەرزێک، یان گوڵێک، یان دیمەنی سروشتیی ئافرەتێک بکات، ئەگەر باسی وەرزی بەهار بکات، دەبێت شیعرەکە لەسەرەوە تا کۆتایی داستانئامێز بێت، هەموو کەرەستەکان یەک بگرنەوە.

بۆ نموونە ئەم شیعرەی (مەولەوی) باسی وەرزی بەهار دەکات، لەسەرەتای شیعرەکەوە، تا کۆتایی، ئاسانکاری بۆ موزیکژەن دەکات، کە بە جوانی نۆتەنووسی بۆ ئاوازەکە بکات. لە هەمان کاتدا موزیکژەن لە باری نالەباری دەروونی دووردەخاتەوە و کارە هونەرییەکەش بەسانایی دەگاتە ئەنجام.

دیارە تا دەروون حەواوە بێت، ئەوەندە موزیکژەن زیاتر ئەنجامەکەی دەگەیەنێتە جێ، ئەمەش دەقی شیعرەکەیە بۆ گۆرانی (وەهارەن) گونجاوە بەم شێوەیە:

**«وەهارەن، سەوزەن، ئاوەن، سەرکاوەن**<br>
**هاژەی وەفراوەن، شاخەی شەتاوەن**<br>
**ساقییەن، بادەن، نەسیمەن، بادەن**<br>
**بوڵبوڵ جە دەورەی گوڵان ئازادەن**<br>
**بەزمەن، شادییەن، عەیشەن، نیشاتەن**<br>
**کەیفەن، شۆخییەن، شەوقەن حەیاتەن**<br>
**سەنگەن، کۆسارەن، سەرکووەن، هەردەن**<br>
**خەمەن، مەینەتەن، زوخاوەن، دەردەن**<br>
**هیجرەن، دوورییەن، عیجزەن، فیراقەن**

**واوەیلا و شینەن، ناڵەی عوشاقەن**
**سەبزەن، سۆسەنەن، نەورۆزگوڵانەن**
**کەمەرەن، هەردەن، ملەن، کەڵانەن**
**سەرعییەن، شەیدان، نەجدەن، مەجنوونەن**
**مەزاقەن، جامەن، پیاڵەی هوونەن» (٨)**
دیوانی مەولەوی، ل٥٢٣-٥٢٤.

دیارە مەولەوی لە کەشوهەوایەکی دڵگیر و پڕ لە خۆشی و شادیدا ئەم شیعرەی گوتووە، چونکە لە کانگەی دڵییەوە باسی وەرزی بەهار دەکات، چۆن کەش و دەشت و شاخ و کێو، بەجارێک بادەی نەسیم و سەربەستی گوڵەکان کە لە وەرزی بەهاری ڕەنگیندا بە ئازادی و شادییەوە سەر دەردەهێنن؟ هەروەها ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە چۆن خەڵکی لەم وەرزی بەهارەدا ئازادن، ئیدی چۆن موزیکژەن و گۆرانی واچ مەستی بادەی خۆشەویستی نابن؟ هەر ئەوەش وەهای کردووە هونەرمەندانی موزیکژەن و گۆرانی واچ، بە ئازادی بەرهەمەکەیان بهێننە کایە.

بۆیە پێویستە هونەرمەند وەک تاک بەبەردەوامی بەخۆیدا بچێتەوە و مانای ئازادی بزانێت، چۆن مەولەوی خۆی بە ئازاد زانیوە، یان چۆن حەز دەکات خۆی ئازاد بێت، پێویستە ئەو هونەرمەندەش بە ئازادی ئاواز و گۆرانی خۆی بە شێوازی حەواوەیی دوور لە تەنگژەی دەروونی بەرهەمە هونەرییەکەی بهێنێتە مایە.

«پێویستە تاک بەبەردەوامی دووبارە لێکدانەوە (ڕاڤەکردن) بۆ سروشتی ئەزموونەکانی بکات، بەمەش فێربوون دێتە کایەوە و کەرەستەکە دەکەوێتە ژێر باری پوختکردنی بەردەوام.» (٩)، کەسایەتیی و سروشتی مرۆڤ، ل٣٤٣.

هەڵبەتە سەربەستی و ئازادی دەروونی لەبار مەبەستی ئەوەیە هونەر و هونەرمەندان بە هەموو بەشەکانییەوە، لەژێر چەتری ئازادیدا هونەر پێشکەش بە جەماوەری ئازاد بکرێت، هەروەها ئەو نووسەر و هونەرمەندە موزیکژەنانە، هەوڵ بدەن هونەر لە ئاستێکی بەرزدا مەیدانی خۆی فراوان بکات، چونکە بڵاوبوونەوەی بەرفراوانی هونەر، درەوشانەوەی کەسایەتی هونەرمەند لە ناو کۆمەڵگەی پێشکەوتنخواز، هونەریش پێش دەکەوێت، بۆیە برەودان بە بواری ئاواز و گۆرانی، دەبێتە ئەنجامێکی باش بۆ گۆڕانکاری ئاواز و گۆرانی و هەمیشە و بەبەردەوامی هونەر پێش دەکەوێت. هونەرمەندانیش دەبێت ڕۆژانە ئاگایان لە بەرەو پێشچوونی هونەری جیهان بێت، چونکە ئەمڕۆ دنیا وەک گوندێکی بچووکی لێ هاتووە، دەبێت بنەما سەرەکییەکانی هونەر فەرامۆش نەکرێت.

نابێت هونەرمەندان خۆیان گۆشەگیر بکەن و هەر بڵێن هونەر هونەری خۆمانە، بەڵکوو پێویستە زۆر بە هەستیارییەوە هەنگاو بۆ هێنانە دی بەرهەمی خۆیان ئامادەبکەن و پێوەندی خۆیان لەگەڵ هونەرمەندانی جیهاندا توندوتۆڵ بکەن، بۆ یەکسانبوونی هەردوولا، تەرازوو یەکسان بێت، نەک لارەسەنگ، تا باری دەروونی هونەرمەندان جێگیر بێت، هونەریش سەقامگیری زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت، ئامانجی هونەریش بە شێوەیەکی گشتی خۆشنوودی مرۆڤەکانی دەوێت، بەبێ جیاوازی ڕەگەز، لە سەرتاسەری ئەم گۆی (زەمینە)دا، کەواتە: هونەر نەتەوەییە و لە هەمان کاتیشدا جیهانیشە.